ئەسرا سیامەک

یاریزانی تۆپی دەستی یانەی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

# هیوادارام ببمە یاریزانێکی پیشەگەر لەسەر ئاستی جیهان




ئاستی یاریی تۆپی دەست لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، لە شارەکانی ڕۆژهەڵات گرنگیی زۆر بەم یارییە دەدرێ و بەردەوام یانەکانی ڕۆژ هەڵات لە وڵاتی ئێران لەگەڵ تیپەکانی دیکە لە کێبڕکێدان، یاریزانانی ڕۆژهەڵات بەردەوام جێگای چاوتێبڕینی یانەکانی دیکەی ناوچەکە و باشووری کوردستانیش بوون، بۆ خولەکانی کوردستانیش یانەکانی کوردستان ساڵانە پشتیان بە توانای یاریزانانی کورد و فارسی ناوچەکە بەستووە، ئەسرا سیامەك یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی تۆپی دەستە لە شاری سنە، کە بۆ چەندین یانەی کوردستان و ئێران و هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە یاریی کردوە، ئەم یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، پێشتریش بۆ یانەکانی قەڵا و ئافرەتانی هەولێر یاریی کردوە و بۆ ماوەی هەشت ساڵ یاریزانی تیپی نایابی سنە بووە، بۆ هەریەك لە یانەکانی بوشەهر و کیش یاریی کردوە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***هاتنت بۆ نێودونیای وەرزش پێشوەختە بوو، یان هەر بە رێکەوت رووت لەم جیهانە کرد؟**

- مـن لـە قۆناخـی سـەرەتاییەوە رووم لـە دونیـای وەرزش کردوە و خەونی ئەوەم هەبووە کە بتوانم ببمە یاریزانێکی بـاش.

***بۆچـی لـە نـاو هەمـوو یاریـە وەرزشـییەکاندا سـەرنجت بـۆ یاریـی تۆپـی دەسـتی بـوو؟**

-مـن لـە رێگـەی قوتابخانـەوە ئـەو یارییـەم خۆشویسـت، لـە رێگـەی راهێنەرەکانـی قوتابخانـەوە زیاتر گرنگی بەتواناکانی مـن دراوە، بۆیـە بـەردەوام بـووم، تـا گەیشـتومەتە ئـەو ئاسـتەی ئێسـتا.

*** وەکـو کچـە یاریزانێـك ئاسـتی یاریـی تۆپـی دەسـت لـە رۆژهـەڵات چـۆن دەبینـی؟**

- ئاسـتی یـاری تۆپـی دەسـت زۆر باشـە و ئێمـە مـاوەی حـەوت سـاڵ لـە ئاسـتی نایابی وڵاتـی ئێران بوویـن، بـەڵام بەهـۆی چەنـد کێشـەیەکەوە ئێسـتا یانەکەمـان پلەیـەك دابەزیـوە و ئەگـەر بـەراوردی بکەیـن بـە وڵاتـی ئیـران، کوردسـتان ئاسـتی نزمترە.

*** لـە یـەك کاتـدا دوو ئـەرك بەرێـوە دەبـەی، هـەم یاریـزان و هـەم راهێنەریـش لـە تۆپی دەسـت و لەشـجوانی، لـە کامەیانـدا زیاتـر سـەرکەوتووی؟**

-مـن تەنیـا یاریزانـی تۆپـی دەسـتم، بـەڵام لـە بـەر بەهێـز راگرتنـی لەشـم لـە مەشـقی یاریـی ئاسـن و راکردن بەردەوامـم، هەروەهـا خۆشـم راهێنـەری تۆپـی دەسـت و لەشـجوانیم، هەوڵـم داوە لـە هەمـووی وەك یـەك سـەرکەوتووبم.

***بـۆ ئـەوەی یاریـی تۆپـی دەسـت پێشـکەوتن بەخۆیـەوە ببینـێ چـی بکرێـت باشـە؟**

- هەمـوو کات باسـم کـردوە و دووبـارەی دەکەمـەوە، دەبێـت یاریـزان بەردەوامبێـت لـە مەشـقەکانی بـۆ ئـەوەی ئاسـتی بـە تـەواوی بـەرز بێتـەوە.

*** لـە کوردسـتان گرفتـی تۆپـی دەسـت لـە چیـدا دەبینـی؟**

-دواکەوتنـی پاڵەوانێتییـەکان، کـە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی یاریـزان ساردبێتەوە لەسـەر مەشـق و راهێنانەکانـی، هەروەهـا نەبوونی یاریزانـی نـوێ لـەم یاریـە.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-هیـواو ئـارەزووم ئەوەیـە ببمـە یاریزانێکـی پیشـەگەر تـا بتوانم لە وڵاتانی جیهان یـاری بکـەم.

*** لـە یانەکانـی وڵاتانـی ئێـران و کوردسـتان گرێبەسـتت پێشـکەش کـراوە؟**

-بەڵێ، لە زۆربەی شارەکان گرێبەستم هەبووە.

*** جیـاوازی لـە نێـوان وەرزشـی کوردستانی باشـور و رۆژهـەلات لـە چیـدا دەبینـی؟**

- ئێمـە بەردەوامیـن لـە سـەر یارییـەکان و کردنـەوەی خولەکانـی قوتابخانـە و زانکـۆ و یانـەکان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی یاریزانـی تازەپێگەیشـتوو و بەهێزبوونـی یاریزانـەکان، لـە باشـووری کوردسـتان ئـەوە وەك پێویسـت نییـە، خولـەکان زۆر بـە تدرەنـگ ئەنجـام دەدرێـن.

*** ئایـا لـە هەڵبـژاردەی تۆپـی دەسـتی ئێـران داواکـراوی؟**

- بەڵێ داواکراوم، بۆ مـاوەی چـوار سـاڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئێران بـووم و لـە ئەندەنوسیا و کازاخستان بەشداریی چەندین پاڵەوانیەتی ئاسیام کردووە.

*** هەوڵت نەداوە پەرە بە کاری راهێنەریت بدەیت؟**

-ئێسـتا مـن راهێنـەری تازەپێگەیشـتوانم لـە وڵاتـی ئێران، هـەوڵ دەدەم بـەردەوام بـم، بـۆ ئـەوەی زیاتـر زانیـاری کۆبکەمـەوە و ئاسـتی خـۆم پێـش بخـەم.

*** چیت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-هەمیشـە سوپاسـگوزاری خـودای گـەورەم کـە ئـەو بەهرەیـەی پـێ بەخشـیوم، دەستخۆشـی لەدایـك و باوکـم دەکـەم کـە پاڵپشـتم بـوون، سوپاسـی ئەوانـەش دەکـەم کـە هەوڵیان داوە تۆپی دەستی کوردستان بەرەوپێـش بچێـت، زۆر سـوپاس بـۆ گۆڤـاری گـوڵان بـۆ ئـەو خزمەتـە بەرچـاوەی کـە لـە شـارەکانی کوردسـتان بـۆ بەرەوپێشـچوونی رەوتـی وەرزش لـە کوردسـتان دەیـکات.



# مەدریدییەکان
# گلەییان لە شێوازی یاریکردنی زێدان هەیە

بەشێك لە یاریزانانی ریال مەدرید نیگەرانن لە شێوازی یاریکردنی یانەکەیان و ئەو پێکهاتەیەی کە زیدان لە یارییەکان پشتی پێدەبەستێت.

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردەوە دوای شکستەکەیان بەرامبەر ڤالنسیا چەند یاریزانێکی ریال مەدرید پێیانوایە زیدان دادپەوەرری لە بڕیارەکانی ناکات و بەشێکیان بوونەتە قوربانی بەتایبەت بەهۆی یاریکردنی مارسێلۆ و ئیسکۆ لە پێکهاتەی سەرەکی.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، یاریزانان بە رێژەیەکی زۆر لە ژووری جل گۆڕین رێز لە زیدان دەگرن، بەڵام چەند یاریزانێکی یانەکە دڵخۆش نین بەم شێوازەی یاریکردنی یانەکەیان و دەستنیشانکردنی پێکهاتەی یارییەکان لەلایەن زیدانەوە، بەتایبەت بەهۆی یارینەکردنی مێندی و تۆنی کرووس تەنانەت بۆ ماوەی یەك خولەکیش بەرامبەر ڤالنسیا.

یانەی ریال مەدرید ئەم وەرزە لە لالیگا لە کۆی ٨ یاری، ٥ بردنەوە و ٢ شکست و بەرامبەربوونێکی هەیە و بە کۆکردنەوەی ١٦ خاڵ لە پلەی چوارەمی ریزبەندی خولەکە دێت.

# رۆناڵدۆ
# لە پاریس نزیکە




لیۆناردۆی بەڕێوەبەری وەرزشی یانەی پاریس سانجێرمان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فەرمی یانەکەی نایشارێتەوە، کە ئەوان بۆ گواستنەوەی کریستیانۆ ئامادەن و ئارەزوو دەکەن پەیوەندی بە پاریس سانجێرمان بکات.

لەمبارەیەوە لیۆناردۆی بەڕازیلی دەڵێت: لەسەر داهاتووی کریستیانۆ هیچ نازانم، بەڵام رەنگە بەیانی هەڵسێتەوە و رایبگەیەنێت، کە ئارەزوو دەکات پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە بکات، کێ دەتوانێت کریستیانۆ بکڕێت؟ ئەوانەی دەتوانن ئەم کارە بکەن لەنێو بازنەیەکی داخراون و پاریس سانجێرمانیش لەنێو ئەو بازنەیەدایە، ئەگەر دەرفەت هەبێت، بەڵێ کریستیانۆ دەگوازینەوە و ئێمە ئامادەن بۆ پێشوازیکردن لەو یاریزانە و لە پلانەکانمدا هەیە.

کریستیانۆ رۆناڵدۆی خاوەنی پێنج خەڵاتی باڵۆن دۆر مووچەی ساڵانەکەی لە یۆڤانتوس ٣١ ملیۆن یۆرۆیە، کە ئەمەش لە مێژووی خولی ئیتاڵیا هیچ یاریزانێك ئەو مووچەیەی وەرنەگرتووە، یانەی یۆڤانتۆسیش ٣ ساڵە ئەم مووچە گەورەیە دەداتە ئەستێرە پورتوگالییەکە بە گوێرەی میدیاکان چیتر یۆڤانتوس لەم قەیرانە داراییە بەرگەی ئەو مووچە زۆرە ناگرێت و دەیەوێت دەستبەرداری بێت پێش ئەوەی لە ٢٠٢٢ بەخۆڕایی لە یانەکە بڕوات.

کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە هاوینی ٢٠١٨ لە یانەی ریال مەدرید بە بەهای ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی یۆڤانتۆس و لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان ٩٤ یاری کردووە ٧١ گۆڵ و ١٩ ئاسیستی تۆمار کردووە.






# بەرشلۆنە لە ڤار سودمەند نییە

دوای تێپەڕبوونی ٩ هەفتە بەسەر خولی ئیسپانیا، پشتبەستنی ناوبژیوانانی خولەکە بە ڤارەوە هەرایەکی زۆری ناوەتەوە.

دوایین ئەو یارییانەی، کە دوای تەواوبوونی زۆر باسی ڤار کرا، یاری ڤالنسیا و ریال مەدرید بوو، کە بەسەرکەوتنی ڤالنسیا تەواوبوو بەئەنجامی ٤ - ١ و ناوبژیوانی یارییەکە بە هاوکاری ڤار ٣ لێدانی سزای بۆ یانەی ڤالنسیا هەژمارکرد و تەنانەت لێدانێکی سزای دووبارەکردەوە.

رۆژنامەی ئەی ئێسی مەدریدی لە راپۆرتێکدا ئاماژە بە ئامارەکانی ڤار لە خولی ئیسپانیا دەکات و روونیدەکاتەوە، کە کام یانە زۆرترین سوودی لە گەڕانەوەی ناوبژیوانانی خولەکە بۆ ڤار وەرگرتووە و کامیشیان ڤار زۆرترین زیانی پێگەیاندووە، کە تاوەکو ئێستا ناوبژیوانانی خولی ئیسپانیا لە ٩ هەفتە ٤٥ جار گەڕاونەتەوە ڤار، کە ئەو سیستمە ٢١ لەو حاڵەتانەی کردووەتە لێدانی سزا، ١٧ حاڵەتیشی بە گۆڵ هەژمارکردووە و ٧ حاڵەتیشی بە هەڵە داناوە.

لەو ٤٥ گەڕانەوەیەدا، زۆرترینیان بەشی یانەکانی ریال بێتیس و ئیبار بووە، کە بۆ هەر یەکێکیان ٨ جار بووە، ئینجا ڤالنسیا و بەلەدوەلید، هەریەکێکیان بە ٧ جار، بەڵام ئەو یانەیەی کەمترین بەشی هەبووە بەرشلۆنەیە، کە ناوبژیوانان بۆ بەرژەوەندی ئەو یانەیە تەنیا دووجار گەڕاونەتەوە لای ڤار.

ئەو یانانەی ڤار زۆرترین یارمەتییانی داوە لە رەتکردنەوەی هەژمارکردنی هەڵە لەدژیان ریال مەدرید، ئیبار، ڤالنسیا و ڤیاڕیالن، هەریەکێکیان بە ٤ بڕیار.

ئۆساسۆنا و قادیش ئەو دوو یانەیەن، کە کەمترین سوودیان لە ڤار وەرگرتووە، چونکە هیچ بڕیارێک لە بەرژەوەندییان نەدراوە، ئینجا بەرشلۆنە، سێلتا ڤیگۆ، ریال سۆسیداد، ئەلەڤێش، ئێلچی، هوێسکا، گەرناتە و ریال بێتیس دێن، کە هەریەکێکیان جارێک لە لایەن ڤارەوە بڕیار لە بەرژەوەندییان دراوە.

یانەی ریال بێتیسیش زۆرترین زیانی لە بڕیارەکانی ڤارەوە پێگەیشتووە، کە ٥ جار بڕیاری لەدژی داوە، خیتافیش سوودمەندترین بووە، کە ڤار هیچ بڕیارێکی لەدژی نەداوە.

ئەوەی تایبەت بێت بە گۆڵکردنیش، ڤیاڕیال سوودمەندترینە لە رووی رەتکردنەوەی ئەو گۆڵانەی لێیکراون، کە دووجار ڤار گۆڵی لەدژی ئەو یانەیە رەتکردووەتەوە.

ئەو یانانەش، کە زۆرترین سوودیان لە ڤار وەرگرتووە بۆ بەدەستهێنانی لێدانی سزا، بریتین لە ریال مەدرید، ئیبار، ڤیاڕیال و ڤالنسیا، هەروەها ئەو یانانەش، کە ڤار زۆرترین لێدانی سزای لەدژیان هەژمارکردووە بریتین لە ریال مەدرید، بەلەدوەلید و ریال بێتیس، هەر یەکێکیان بە ٣ لێدانی سزا.



# خولەکانی کوردستان بەبێ هاندەران بەڕێوە دەچێت

یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم یانەکانی بەشداربوو لە خولەکانی نایابی کوردستان و پلە یەکی کوردستان و نایابی فوتستاڵی کچان، کە وابڕیارە یارییەکانیان لەم مانگەدا دەست پێ بکات، بەپێی بڕیاری یەکێتیی تۆپی پێ بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگاکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بڕیار دراوە سەرجەم یارییەکان بەبێ ئامادەبوونی هاندەران بەڕێوە بچێت، ئەگەر هەر یانەیەکیش نەیتوانی کۆنترۆڵی هاندەرانی وەرزشیی شارەکانیان بکەن، سزای دارایی دەدرێن، لەم بارەشەوە مامۆستا (دڵشاد سالح) ئەندامی یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرجەم خولەکانی کوردستان بەبێ ئامادەبوونی هاندەران لە ناو یاریگاکان بەڕێوە دەچێت، ئامانجیش پاراستنی گیانی یاریزانان و هاندەرانی خۆشەویستە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەموو جیهان، لە ئێستادا سەرجەم خولەکانی جیهان بەبێ ئامادەبوونی هاندەران بۆ سەلامەتی گیانی هەموو لایەك بەڕێوە دەچێت، کە ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەکی زۆر خێرا لە جیهاندا تەشەنە دەکات، ئێمەش بەدەرنین لەم بارودۆخە نەخوازراوە کە بەسەر جیهان و مرۆڤایەتیدا هاتووە، دەمانەوێ خولێکی سەلامەت و دوور لە هەموو کێشەیەك بەڕێوەبچێت»، لە بارەی کاتی خولەکەش مامۆستا دڵشاد گوتی: «وابڕیارە سەرجەم خولەکان لە کات و ساتی خۆیاندا بەڕێوەبچن، هیچ ئەگەرێك نییە بۆ دواخستنی خولەکان، تەنیا مەگەر حاڵەتێکی نەخوازراو دروست بێت، هەروەها خولی فوتساڵی کچان لە ڕۆژی هەینی بەڕێوەچووە، خولی نایابی کوردستانیش لە ٢٦و ٢٧ی ئەم مانگە و خولی پلە یەکی کوردستانیش لە ٣٠ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت، یانەکان دەتوانن بە شێوەی دیکە یارییەکان بگوازنەوە کە ئێستا بە شێوەی ڤیدیۆ لایڤ لە یاریگاکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیان، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە، ئەوان ئازادن لەم جۆرە گەیاندنەی یارییەکانی تیپەکانیان بۆ هاندەران، هیچ کێشەو گرتێکیش تاکو ئێستا لە بەردەمان نییە و چاوەڕوانی ئەوەین بتوانین خولێکی سەرتاسەری و سەرکەوتوو بۆ وەرزشکارانی کوردستان بەڕێوە ببەین».

یارییەکانی هەفتەی یەکەمی خولی نایابی کوردستانیش بەم شێوەیە دەبێت.

**کۆمەڵەی یەکەم**

- برایەتی-هەولێر
- شێروانە-سۆران
- سیروانی نوێ-چەمچەماڵ
- هەڵۆ-زێرەڤانی

**کۆمەڵەی دووەم**

- دەربەندیخان-هەندرێن
- زاخۆ-نەورۆز
- پێشمەرگەی سلێمانی-ئارارات
- دهۆك-پێشمەرگەی هەولێر



# پێشمەرگەی هەولێر پشت بە یاریزانی لاو دەبەستێ

تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵیش بەشدارە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە وابڕیارە یارییەکانی لە ٢٦ی ئەم مانگە دەست پێ بکات، یانەکەش بە سەرپەرشتیی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری وەرزی رابردووی یانەکە درێژەی بە ئامادەکارییەکان داوە، بۆ ئەوەی بتوانن وەکو وەرزی رابردوو ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، کە یەکێك بوون لە یانە رکابەرەکان لە خولەکە، ئەمساڵیش کارگێڕیی یانەکە زیاتر پشتی بە توانای یاریزانانی لاو بەستووە، بۆ ئەوەی سوود لە تواناکانیان ببینێ، لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان لەم وەرزە ئەوەیە تیپێکی گەنجانە دروست بکەین و لە ناوەڕاستی خولەکە بین، هەر چەندە ئامانج و ئارەزووی ئێمە ئەوەیە رکابەری سەرجەم یانەکان بکەین، زیاتر لە حەوت یاریزان لە پێکهاتەی یانەکەمان نەماون و ئێمەش زیاتر لە هەشت یاریزانمان لە تیپی لاوان سەرخستووە، ئێستا چاوەڕوانی دەستپێکی خولەکە دەکەین، تا بزانین چۆن دەبێ، رەنگە ئەگەر پێشهاتی نوێ هاتە پێشمان ئەوکاتیش هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام بدەین، ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەو یاریزانە لاوانە ببنە ژێرخانی یانەکەمان بۆ وەرزەکانی داهاتوو»، لە بارەی گرفتی تیپەکەش گوتی: «بەشێوەیەکی گشتی هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە لە یانەکە و بەردەوامین لە ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانمان، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمە ئامادەبین بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان». جێگای وەبیرهێنانەوەیە ساڵانە تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگە یەکێك بووە لە تیپە گەورەکانی کوردستان، کە بەردەوام شەڕی بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەی کردوە و چەند جارێکیش نازناوەکەی بۆ پیرمام بردۆتەوە.

# ئاسۆ ڕۆستەم بۆ نەورۆز چەندین یانەی ڕەتکردەوە

یانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەگەڵ دەستپێکردنی خولی نایابی یانەکانی عێراقی پەنا بۆ چەندین ئەستێرەی یانەکانی دیکە دەبەن، یەکێك لەم یاریزانانەش ئاسۆ رۆستەمی یاریزانی یانەی نەورۆزە، ئەو چەندین ساڵە بۆتە جێگای بایەخی یانەکانی کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام بدەن، ئەمساڵیش ئاسۆ بڕیاری بەردەوامبوونی دا لەگەڵ یانەی نەورۆز، بۆ ئەوەی لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و پلە یەکی عێراقی ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە ئاسۆ رۆستەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە لە چەندین یانەی عێراقی و کوردستان گرێبەستم پێشکەش کراوە، بۆ ئەوەی لە خولەکانی کوردستان و عێراق یارییان بۆ ئەنجام بدەم، خولی عێراقی لە هەریەك لە یانەکانی زاخۆ و نەفت و مینا و کەربەلا گرێبەستم پێشکەش کراوە، لە خولی کوردستانیش زۆر یانە پێیان گوتوم، بەڵام من هەموو ئەو گرێبەستانەم رەتکردۆتەوە لە پێناو مانەوەم لە یانەی نەورۆز و بەردەوامبوونم لەگەڵیان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی گەورە لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەدەست بهێنین»، گوتیشی: «گرێبەستی من لەگەڵ نەورۆز بۆ خولی نایابی کوردستان و پلە یەکی عێراقە، هەوڵی خۆم دەدەم تا بتوانم لە هەردوو خول ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، هیواداریشم بتوانین لەگەڵ هاورێیەکانم یانەی نەورۆز سەربخەین بۆ خولی نایابی عێراقی و ببینە نوێنەری پارێزگای سلێمانی لەم خولە، لە خولی کوردستانیش رکابەری سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە بکەین، بۆ گەیشتن بە نازناوی خولەکە، وەکو یانەش هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و سەرجە م یاریزانەکانمان ئامادەن بۆ ئەوەی هەموومان بەیەکەوە ئامانجی یانەکە بپێکین». وەرزی رابردووش یانەی نەورۆز یەکێك بووە لە یانە رکابەرەکان لە سەر بەدەستهێنانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و رکابەری سەرجەم یانەکانی کوردستانی کردوە ئەمساڵیش بە هەمان ریتم و وزەوە بەشداری یارییەکان دەکات.

